# فیستیڤاڵی ئینسانە بەفرینەکان و ئایندەیەکی ئینسانی تر

**ڕێبوار عارف**




هەواڵی دۆزینەوەی مەلۆتکەی کۆرپەلەیەک بە ڕووتووقووتی لە قەراخ شەقامێکی شاری تاراندا لەسەرەتای ئەم مانگەدا ویژدانی هەر ئینسانێکیْ هەژەند کە ئە هەواڵەی بیست و نیگەرانی سەراپای جەستەمانی داگیرکرد.
لەوەگەڕێن کەئاخۆ ئەو دایکە چ مەبەستێکی هەبووە لە بەجیْ هێشتنی جگەرگۆشەکەی خۆی لەقەراخ شەقامەکێدا. ئەگەر لە لایەکەوە ترس وتووندوتیژی وناموس پەرستی و داب ونەۆیتی کۆنەپەرستانە ئەمڕۆ مۆتکەیەکی گەورەو پەلمپەرێکی کاریگەر لەبەردەم هەرجۆرە ژیانێکی ئارەزومەندانەو ئازادنەوئینسانی ژناندا؛ ئەوا لەلایەکی تریشەوە برسیەتی وبیکاری ومعتادو بێمافی وهەژاری ونەیوونی خزمەتگوزاری وزەمانەتە کۆمەلایەتی یەکان دەبنە هەوێنی قوربانی کردنی هەزاران مەلۆتکەی بیْ سەرپەنای لەمجۆرە. بۆیە ئەوەی کە لیّرەدا دەیخوێنەوە، نە دەکرێت وەک داستانی دلّڕەقی هیچ دایکێک تەماشابکریت و نەڕووئیاو خەیالّی قەلّەمی سەرکێشی هیچ نووسەرێکە. بەلّکو واقعیەتێکی تالّی ئەمڕۆی کۆمەلگای سەرمایەداری وحکومەتە کۆپەرست ودژی ئینسانیەکانی وەک جمهوری ئیسلامی ئیرانە. ئاخر ئەمە چ جیهانێکی نەفرەت لیّکراوە بۆ مندالان ، واپێدەچێت هەزارەی سێهەم دنیایەکی لەڕادەبەر تالّ وتاریک بێت بۆیان. ئاخەر پێشبینی کردنی هەڕەشەی بیْ دایک وباوک بوونی زیاترلە 25 ملیون مندال تا 5 سالّیتر بەهۆی نەخۆشی ئایدزەوە دەبێت لەخانەی کام عدالەتی اجتماعیدا بخوێنرێتەوە ؟ ئیتر با کارەساتە سروشتی یەکانی تری وەک بۆمەلەرزەو لافاو یا شەرو کوشتار گەمارۆی ئابوری و...بگەڕێن کە زیاترین ڕێژی قوربانی ڕیزی پێشەوە ڕووبەڕووی مندالان دەبێتەوە . بەلام بەدلّنیای ئەم جیهانە تالّەی مندالان دەنگێکی پێچەوانەی شەپۆلی تیدایە کە لەسەر بنچینەی داکۆکی کردن لەمافە جیهانیەکانی مندالان لەسەنگەری ڕاوەستانەوەو ڕووبەڕووبوونەوەیەکی مەزندایە . جیگەی خۆیەتی لیّرەدا سەرنجتان بۆ نمایشێکی شکۆداری ئەم بزوتنەوەیە ڕابکێشم تابزانین چۆن شەقام دەبێتە مەیدانی هاتنەمەیدان و دەنگ هەلبڕینی پارێزگارانی ماف و حورمەتی مندالان لە کوردستانی ئیراندا . کانۆنی بەرگری لەمافەکانی مندالان بانگەوازی بەرپاکردن و ڕێکخستنی فیستیڤاڵی ئینسانە بەفرینەکانی ڕاگەیاند و لە 22ی جەنیوەری 2005دا ، نۆ شاری کوردستانی ئیران: سنە، مەریوان، سەقز، کامیاران، بانە....لە نیو شەپۆلی خۆشی وداهێنانیکی ئینسانی مەزن و کەم وێنەدا دەیان هەزار کەس پێشوازیان لەم فیستیڤالّەکرد. مرۆڤ تەنها ڕەنج وئازارو سزاو تراژدیاکانی ژیان نایانگریەنیْ؛ بەلّکو هەندێک جار ڕوداوێک یا سەرکەوتنێک سنوورەکانی سۆزمان دەهاژەنێت وچاوی پڕ لەفرمێسک قەتیسمان بە زارکردنەوەیەک قولّپی گریان بەدوای خۆیدا دەکێشێت. بەلام هاتنە خوارەوەی ئەم فرمیسکانە تەنها ڕانەگرتنی هەست وسۆزی ئینسانیمانەو دەکرێت بلّێن ئەم ساتانە وێنەیەکی لەڕادەبەردە جوان وئینسانین. ئاخر تریفەی زەردەخەنەو پێکەونین وباری وسەرگەرمی وسەماو دروستکردنی دەیان وسەدان ئینسانی بەفرینە لەمڕۆژانە لە نێو شارەکانی کوردستاندا گوزارشت لە هاتنە مەیدانی دەنگێکی تر ژیانێکی ترو ئایندەیەکی تر دەکەن؛ بۆ مندالانێک کە چارەکە سەدەیەکە لەژێر سایەی بەربەریەت و کۆنەپەرستی حکومەتی جمهوری ئیسلامی ئیراندا ڕەنج دەبەن و
تەنانەت پێکەنیشیان لیّزەوتکراوە ڤستیڤالی مندالە بەفرینەکان هەناسەیەکی قولّی پڕ لە خۆشی و ڕۆژگارێکی فەرامۆش نەکراوبوو !



تریفەی زەردەخەنەی منداڵان لەم ڕۆژەدا ؛ ئێمە بەدوای ستایشی ئەو سوونەت و شێوازە شۆڕشگێرو ئینسانی یەدا دەبات کە ئەمڕۆژانە سیمای شارەکانی کوردستانی ئیرانی هێنایە جۆش وخرۆشو بەشێوەیەکی شارستانی ولەڕوانگەیەکی ڕادیکال و پێشکەوتو خوازانەو سکۆلارەوە بە هەڵواسینی دەیان و سەدان شیعاری وەک (نا بۆ اعدامی منداڵان، کۆتای هێنان بە چەوسانەوەو کاری منداڵان، پارستنی مافەکانی منداڵان،...لەمڕۆژەدا بەدور لەهەرجۆرە دەمارگیریەکی ئاینی و قەومی و جنسی نەک هەر داکۆکی کرا لە مافە سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابورەیەکانی منداڵان، بەڵکو لە ڕاستی دا ئەو پانۆرامایە کە بۆ سەرگەرمی و خۆشی منداڵان ئەنجامدرا کرایە مەیدانی خەبات و تیکوشان و بەرگری کردن لە مافەکانی منداڵان و لەپاڵ هەموو خۆشیەکانی ئەمڕۆشدا بەکردەوە جارێکی تر خەلکی کوردستان نایەکی گەورەیان بە تەویلّی جمهوری ئیسلامی ئیرانەوەنا!

ئەم دەنگە پیشانیدا کەئەوە هەر کۆنەپەرستی ئیسلامی وقەومگەرای نیە کەلەڕێگەی سەرکوت و فریودانەوە دەتوانن خۆیان بەسەر ژیان وگوزرەانی خەڵکدا داسەپێنن ژیان لە منداڵان بکەنە دۆزخیکی لەرادەبەردە تاڵ وتاریک. بەلکو بەرەیەکی ئینسانی وجیهانداگریش لە سەنگەردایەو بەشێوەیەکی لە ڕادەبەدەر مۆدرن وئینسانی دەست و پەنجە لەگەل گۆڕینی ژیان و جیهانی منداڵاندا نەرم دەکات.

<u>**فیستیڤالی ئینسانە بەفرینەکان و هەڵویستەیـــــەک**</u>

کوردستانی عیراق لەم چەند ساڵانەی ڕابردودا مەیدانی کێشمەکێش و ڕووبەڕووبوونەوەیەکی فراوانی بەرەی بەرگری کردن لە مافەکانی منداڵان و حزب و حکومەت و دەستەلاتدارانی قەومی و داب ونەریتی کۆنەپەرستانەو یاساکان بووە . کە بەدڵنیای گۆرینەوەی ئەزموونەکان و دروستکردنی پردیکی دیالوک و هاوکاری و هاوخەباتی لە نیوان ریکخراو سەنتەرەکانی داکۆکی کردن لە منداڵاندا دەتوانیت کاریگەریەکی گەورەی لەسەر بەهیزکردنی ئەم سەنگەر دابنیت لە ناوچەکەدا . بۆیە جیگەی خۆیەتی هەموو ئەو ڕێکخراوانەی کە خۆیان لەبەرەیەکی سکۆلارو ئینسانی وپیشکەوتوخوازدا دەبینەوە بە تایبەت سەنتەری پاریزگاری کردن لە منداڵانی کوردستان وکانونی داکۆکی کردن لەمنداڵان هەنگاوی بەکردەوە هەڵبهێنەوە بۆ فراوانکردنەوەی ئەم ئەزموونە شکۆدارو مەزنە.

بۆیە دەکرێت دەعوەت کردنی ( کانونی داکۆکی کردن لە مافەکانی منداڵان ) بۆ شارەکانی کوردستانی عیراق و بەرپا کردنی چەند سیمناریک ڕەنگە هەنگاویکی تربیت بۆ بەهیزکردنی سەنگەری داکۆکی کردن لە جیهانی بوونی مافەکانی منداڵان. بەهیوام ساڵی ئاینده فیستیڤالی ئینسانە بەفرینەکان سەراپای کوردستانی عیراقیش بگریتەوەو سەرتاسەری کردنەوەی ئەم سوونەتە بکریتە هەلقەی بەهیزکردن وداکۆکی کردن لەمافەکانی منداڵان لە ناوچەکەدا.

جەنیوەری 2005



